## وەزارەتـــــی ژينگە

**ژمارە : ١٠٣٧ لــــە ٢٠٠٩/٥/٢٨**

# رێنمايی ژمارە (٢)ی ساڵی ٢٠٠٩
# رێنماييەكانی سندوقی پاراستن و چاككردنی ژينگە لە هەرێمی كوردستان

ئێمە ئەندامانی ئەنجومەنی پاراستن و چاككردنی ژينگە لە هەرێمی كوردستان:

بە پشت بەستن بە حوكمەكانی مادەی ( دەيەم ) لە ياسای پاراستن و چاككردنی ژينگە لە هەرێمی كوردستان ژمارە (٨) ی ساڵی ٢٠٠٨، وە بۆ بەديهێنانی ئەو ئامانجانەی مادده ئاماژە پێكراوەكە لە خۆی گرتووە، بە پێی ئەو دسەڵاتەی پێماندراوە ،بەپێی برگەی ( چوارەم ) لە ماددەی دەيەم بۆ دياری كردنی رێوشوێنی تايبەت بە پێكهێنانی سندوقی پاراستن و چاككردنی ژينگە لە هەرێمی كوردستان و سپاردن و هەڵگرتن و خەرج كردن و ئەو بوارانەی داراييەكەی تيا خەرج دەكرێت ئەمانەی خوارەوەمان راگەياند:

**ماددەی يەكەم :**

**پێناسەكان**

ئەم وشانەی خوارەوە لە هەر شوێنێكی دەقەكانی ئەم رێنماييەدا هاتبیٚ، ئەو مانا تايبەتيانە دەگەيەنێت كە لە خوارەوە بۆی دياری كراوە ئەگەر هيچ ئاماژەيەك نەبێت بۆ مانايەكی ديكە:

١- هەرێم : هەرێمی كوردستانی عێراق.
٢- سەرۆك : سەرۆكی ئەنجومەنی بەڕێوەبردنی سندوقی پاراستن و چاككردنی ژينگە لە هەرێمی كوردستان.
٣- جێگری سەرۆك : بريكاری وەزارەتی ژينگەيە ( يان بريكاری هونەرييە لە كاتێكدا ئەگەر وەزارەت زياتر لە بريكارێكی هەبوو ) لە كاتی ئامادە نەبوونی سەرۆك جێگای دەگرێتەوە.
٤- ئەنجومەن: ئەنجومەنی بەڕێوەبردنی سندوقی پاراستن و چاككردنی ژينگە لە هەرێمی كوردستان.
٥- سندوق : سندوقی پاراستن و چاككردنی ژينگە لە هەرێمی كوردستان.
٦- بەڕێوەبەری گشتی : بەڕێوەبەری گشتی سندوق.
٧- دەزگای راپەڕاندن: پێكهاتە ئيداری و دارايی وهونەرييەكانی سندوق.
٨- كۆبونەوە: هەر كۆبونەوەيەكە ( ئاسايی و نائاسايی ) كە ئەنجوومەن گرێی دەدات.
٩- پشتيوانەكان : ئەوانەی بڕی گەورە ی پارە دەبەخشن ، كە دواتر ئەنجومەنی پاراستن و چاككردنی ژينگە دياری دەكات.

ئەرشيفی رۆژنامەی وەقائعی كوردستان لە سايتی وەزارەتی داد


WWW.MOJKURDISTAN.COM

ماددەی دووەم :

**ئامانجەکانی سندوق**

داهاتـەکانی سـندوق بـە پێـی ئەولـەویاتی ژینگـەیی تایبـەت دەکـرێ بـۆ بـە دیهێنـانی ئـەم ئامانجانەی خوارەوە:

١- کۆمەك کردنی پرۆژە ژینگەییە بەردەوامەکان.
٢- کۆمەك کردنی ئەو چالاکییانەی بەشداری لە پاراستنی ژینگەدا دەکەن.
٣- هاندانی داهێنان و دۆزینەوە لە بوارە ژینگە ییەکاندا.
٤- کۆمەك کردنی ئەو توێژینەوە و لێکۆڵینەوانەی کە ئامانجیان هێنانەدی بەرهەمی پاکترە.
٥-بلاۆکردنەوەی هۆشیاری و پەروەردەی ژینگەیی لە ناو سەرجەم چینەکانی کۆمەڵگەدا.
٦- کۆمەك کردنی کۆمەڵە ژینگەییە ناوخۆییەکان.
٧- کۆمـەك کردنـی ئـەو دەسـت پێـشخەرییانەی ئامانجیـان رێنمـایکردنی بـەکارهێنانی سەرچاوە سروشتیەکانە بەو شێوەیەی پەرەپێدان بەردەوام بەدی بهێنێت.
٨- هاندانی وەبەرهێنان لە بواری تەکنەلۆجیاکانی دۆستی ژینگە.
٩- رووبەڕوبونەوەی کارەساتە ژینگەییەکان.
١٠- دامەزراندن و بە ڕێوەبردنی ناوچە پارێزراوەکان.
١١- دامەزراندن و دانان و بە کارخستنی تۆڕەکانی چاودێری ژینگەیی.
١٢- راهێنان و ئامادەکردنی کادری ژینگەیی.
١٣- هەر جۆرە چالاکییەکی تر کە ئەنجومەنی پاراستن و چاککردنی ژینگە پێی وایە خزمەتی ئامانجەکانی سندوقەکە دەکات.

ماددەی سێیەم :

یەکـەم: پێکهاتەیـەك لـە هـەرێم بـە نـاوی سـندوقی پاراسـتن و چـاککردنی ژینگـە لـە هـەرێمی کوردسـتان دا پێکـدەهێنرێت وە سـەرۆکی ئەنجومـەنی پاراسـتن و چـاککردنی ژینگـە ئەنـدامانی ئەنجومـــەنی بـــەڕێوەبردنی ســـندوقەکە دیـــاری دەکـــات دوای رازی بـــونی زۆرینەی ئەندامەکان، بەم شێوەیەی خوارەوە:

١- سەرۆکی ئەنجومەنی پاراستن و چاککردنی ژینگە دەبێتە سەرۆکی ئەنجومەنی بەرێوەبردنی سندوق.
٢- سـەرۆك یـەکێك لـە بەڕێوەبـەرە گشتیەکان لـە وەزارەتـی ژینگـە رادەسـپێرێت بـۆ ئەرکی بەڕێوەبردنی سندوقەکە سەرەڕای کارەکەی خۆی.
٣- چوار ئەندام لەو وەزارەتانەی ئەندامن لە ئەنجومەنی پاراستن و چاککردنی ژینگە بە پلەیەك کە لە بەڕێوەبەری گشتی کەمتر نەبێت.
٤- نوێنەرێك لەو رێکخراو و کۆمەڵە ناحکومییە ناوخۆییانەی کە بایەخ بە ژینگە دەدەن و ئەنجومەن دیاری دەکات.

ئەرشیفی ڕۆژنامەی وەقائعی کوردستان لە سایتی وەزارەتی داد


WWW.MOJKURDISTAN.COM

٥- نوێنەرێك لە کەرتی تایبەت / بە هەماهەنگی لە گەڵ لایەنە پەیوەندی دارەکان دیاری دەکرێت.

٦- نوێنەرێك یا زیاتر لە پشتیوانەکان ( ئەندامی فەخرین ).

دووەم: لە کاتی ئامادە نەبوونی سەرۆك جێگرەکەی شوێنی دەگرێتەوە.

سێیەم: سەرۆك مافی ئەوەی هەیە یەکێك لە فەرمانبەرانی وەزارەتەکەی دیاری بکات بۆ ئامادەبوون - بە شێوەیەکی هەمیشەیی- لە کۆبوونەوەکانی ئەنجومەن وەك سکرتێر بە بێ ئەوەی ماف دەنگ دانی هەبێت.

چوارەم: ئەنجومەن بۆی هەیە بانگهێشتی هەرکەسێکی شارەزا و پسپۆر بکات بۆ سوود وەرگرتن لە راو بۆچوونی.

پێنجەم: کۆبونەوەکانی ئەنجومەنی بەرێوەبردنی سندوق مانگانە دەبێت، دەکرێ کۆبوونەوەی نائاسایی گرێ بدرێت لە کاتی پێویستیدا.

شەشەم: بڕیارەکان بە زۆرینەی دەنگ دەردەکرێت، لە کاتی یەکسان بوونی دەنگەکاندا ئەو لایەنە براوە دەبێت کە دەنگی سەرۆکیان لە گەڵدایە.

حەوتەم: وێنەیەك لە کۆنووسی کۆبوونەوەکان دەنێردرێت بۆ ئەنجومەنی پاراستن و چاککردنی ژینگە بە مەبەستی بە دوادا چوون.

هەشتەم: ماوەی ئەندامێتی ئەندامانی ئەنجومەنی بەرێوەبردنی سندوق دوو ساڵە، دەشێ نوێ بکرێتەوە دوای رازیبوونی سەرۆکی ئەنجومەنی پاراستن و چاککردنی ژینگە، جگە لە بڕگەی ( ٤ ) و ( ٥ ) لە ماددەی سێیەم کە ماوەی ئەندامێتان بە( ٦ ) مانگ دیاری کراوە ( دەشێ نوێ بکرێتەوە ).

نۆیەم: سەرۆکی ئەنجومەنی بەرێوەبردنی سندوق بۆی هەیە هەر ئەندامێك لابدات کە نەتوانێ ئەرکەکەی خۆی ئەنجام بدات، یا لە ( ٣ ) کۆبوونەوەی ساڵانە ئامادە نەبێت بەبێ بیانویەکی گونجاو، دوای بڕیاری سەرۆکی ئەنجومەنی پاراستن و چاککردنی ژینگە.

دەیەم: ئەندامێکی دیکەی لە جێ دادەنرێت بە پێی ئەو بڕگانەی کە لە خاڵی یەکەمدا هاتووە.

یازدەهەم: پێویستە رەچاوی هاوسەنگیی نوێنەرایەتی پشتیوانەکان بکرێت.

**ماددەی چوارەم :**

سندوق کەسایەتییەکی مەعنەوی دەبێت و دارایی و بە ڕێوەبەرایەتییەکی سەربەخۆی دەبێت.

**ماددەی پێنجەم :**

سندوق بودجەی تایبەت بەخۆی دەبێت و داراییەکەی بە دارایی گشتی لە قەڵەم دەدرێت. سندوق بودجەی سەربەخۆی دەبێت ، ساڵی دارایی سندوق لە ڕۆژی یەکەمی مانگی کانوونی دووەمی هەموو ساڵێك دەست پێدەکات و بە کۆتایی هاتنی رۆژی سی و یەکەمی مانگی کانوونی یەکەمی هەمان ساڵ کۆتایی دێت .

بەجۆرێ یەکەم ســــاڵی دارایی سندوق لە بەرواری دەست بە کاربوونی سندوق دەست

ئەرشیفی ڕۆژنامەی وەقائیعی کوردستان لە سایتی وەزارەتی داد



WWW.MOJKURDISTAN.COM

پێدەكات لە دوای كارپێكردنی حوكمەكانی ئەم ڕێنماییانە و كۆتایی دێت بە كۆتایی هاتنی دەوامی ڕۆژی سی و یەكی مانگی كانوونی یەكەمی ئەو ساڵە.

**ماددەی شه شەم :**

**داهاتەكانی سندوق**

داهاتەكانی سندوق لەم سەرچاوانەی خوارەوە پێكدێت:

١. ئەو بڕە پارانەی كە حكومەتی هەرێمی كوردستان تەرخانی دەكات.

٢. ئەو بڕە پارانەی كە حكومەتی فیدراڵ تەرخانی دەكات.

٣. ئەو بڕە پارەیەی كە لە بودجەی پارێزگاكانەوە تەرخان دەكرێت.

٤. ئەو یارمەتی وبەخشینانەی لەلایەن حكومەت و دەستە و كۆمەڵە و ڕێكخراوە بیانی و ناوخۆییەكان و تاكی عێراقی و بیانی دەبەخشرێن.

٥. ئەو كرێ و رسوم و باجە ژینگەییانەی بە پێی یاسا كارپێكراوەكان وەردەگیرێن.

**ماددەی حەوتەم :**

ئەو بڕە پارانەی لە بەرامبەر زیان گەیاندن بە ژینگەی هەرێم وەردەگیرێت لەو سندوقەدا هەڵدەگیرێت.

**ماددەی هەشتەم :**

ڕەزامەندی ئەنجومەنی پاراستن و چاككردنی ژینگە مەرجە بۆ ڕەزامەندی لە سەر پلانی ساڵانەو بەرنامەكانی پارەدان و جێبەجێكردنی سندوقەكە.

**ماددەی نۆیەم :**

ئەرك و دەسەڵاتەكانی ئەنجومەن:

١. ئامادەكردنی پەیكەری ( هیكل ) ی سندوق.

٢. دانانی ئەولەویات بۆ سندوق بە پێی ئەولەویاتی ژینگەیی هەرێم.

٣. بەستنی ئەو گرێبەستانەی ئەركەكانی سەر شانی پێویستی دەكات.

٤. بەرزكردنەوەی سكاڵا و دادگایی كردنی كەسانی راستەقینە و مەعنەوی لە بەردەم دادگاكان.

٥. بە دواداچوونی پرۆژەكـــانی تایبەت بە سندوق.

٦. دامەزراندنی فەرمانبەران و بە كارهێنەران و دیاری كردنی مافەكانیان و كۆتایی پێهێنانی خزمەتەكانیان و گرێبەست لە گەڵ هەر پسپۆر و هونەرییەكدا بە پێی گرێبەستی تایبەتی.

٧. دانانی ڕێنمایی ڕێكخراوەیی پێویست بۆ چالاكییەكانی سندوق.

٨. پێك هێنانی لـــیژنەكـــان.

٩. بە دواداچوونی برگەی ٥ لە ماددەی شەشەم.

ئەرشیفی ڕۆژنامەی وەقائیعی كوردستان لە سایتی وەزارەتی داد



WWW.MOJKURDISTAN.COM

١٠. مەرجە ڕەزامەندی ئەنجومەنی پاراستن و چاككردنی ژینگە وەربگیرێت لە سەر هەیكەل و سیاسـەتی گـشتی و پـلان و بەرنامـەی كـاری سـندوق پـێش دەسـت كـردن بـە جێبـە جێكردن.

١١. بەرز كردنـەوەی بڕیارەكـانی ئەنجومـەن و ڕاپۆرتـە خولییـەكانی بـۆ ئەنجومـەنی پاراستن و چاككردنی ژینگە.

١٢. هەر ئەركێكی تر كە سروشتی كاری سندوقەكە پێویستی دەكات.

**ماددەی دەیەم :**

**ئـەرك و دەسەلاَتەكـــانی بەڕێوەبەری گشـــتی**

بەڕێوەبەر ئەم ئەرك و دەسەلاَتانەی خوارەوەی هەیە:

أ– جێبەجێكردنی ئەو سیاسەتە گشتییەی كە ئەنجومەن بڕیاری لەسەرداوە بۆ چالاكی و پلان و بەرنامەكانی سندوق.

ب– جێبەجێ كردنی ئەو بڕیارانەی كە ئەنجومەن دەری دەكات.

ج– بەڕێوەبردنی كارەكانی سندوق و كارئاسانی كردنی كاروباری ڕۆژانەی.

د– نوێنەرایـەتی كردنـی سـندوق لـە بەرامبـەر كەسـانی تـر بـە پێـی ئـەوەی ئەنجومـەن دیـاری دەكات.

هـ– ئامادە كردنی بەراوردی ساڵانە و ژمێریاری كۆتایی و ڕاپۆرتی وەرزی و ساڵانەی سـندوق و بەرز كردنەوی بۆ ئەنجومەن.

و– ئامادە كردنی پێوەر و ئالیەت بۆ  بە دەست هێنـانی پاڵپـشتی دارایـی و هونـەری و دیـاری كردنی بنەماكانی خەرج كردنی پارە لە سندوق و بەرز كردنەوەی بۆ ئەنجومەن.

ز– هەوڵ دان بۆ بەدەستهێنانی ئەو بەخشین و سەرچاوە داراییانەی تـر ئامانجـە ژینگەییـەكان بەدی دەهێنن.

ح– پێـشنیار ی پەیكـەری ڕێكخـستن بـۆ دەزگـای ڕاپەڕانـدنی سـندوق و بـەرز كردنـەوەی بـۆ ئەنجومەنی پاراستن و چاككردنی ژینگە بۆ بڕیار لە سەردان و پشت پێبەستنی.

ط– بـەڕێوەبردنی دەزگـای ڕاپەڕانـدن و دارایـی سـندوق و سەرپەرشـتی كردنـی كارەكـانی فەرمانبەران و كارمەندان و زامنكردنی باش بەڕێوەچوونی كارەكان تیایدا.

ی– بەرزكردنەوەی ڕاپۆرت و توێژینەوە وپێشنیاری پەیوەست بەكاری سندوق بۆ ئەنجومەنی پاراستن و چاككردنی ژینگە بۆ بڕیار لە سەردان و پشت پێبەستنی.

ك– ڕێكخـستنی كۆبوونــەوەكان و ئامــادەكردنی كۆنووســەكان و بەرزكردنــەوەی بـۆ لایەنــە پەیوەندیدارەكان.

ل– هەر ئەركێكی تر كە ئەنجومەن دەیخاتە ئەستۆی یا پێی ڕادەسپێرێ.

م– خەرج كردنی موكافەئات بۆ كارمەندانی سندوق دوای ڕەزامەندی سەرۆك.

ئەرشیفی ڕۆژنامەی وەقائعی كوردستان لە سایتی وەزارەتی داد



WWW.MOJKURDISTAN.COM

**ماددەی یازدەهەم :**

ئەنجومەن مافی تۆمارکردنی خاوەندارێەتی بیرۆکە (الملکیة الفکریة) و بڕوانامەی داهێنانی لە بـوارە ژینگەییەکانـدا هەیـە و گەشـەپێدەدرێت لـەرێی ئـەو چـالاکیانەی پـارەی بـۆ خـەرج دەکرێت.

**ماددەی دوازدەهەم :**

ئەنجومەن ژمێرکاری وتۆمارەکانی خۆی رێکدەخا بەپێی بنەما ژمێرکارییە پـشت پێبەسـتراو و ناسـراوە جیهانییـەکان و دەکەوێتـە ژێـر ووردبینـی دیـوانی چاودێری دارایـی بـەجۆرێ کە ئەنجومەن راپۆرتی سالانە و داتاکانی دارایی کۆتایی بەرزدەکاتـەوە بۆ ئەنجومـەنی وەزیـران و ئەنجومەنی پاراستن و چاککردنی ژینگە لە ماوەیەك زیاتر نەبێت لە ٩٠ رۆژ دوای کۆتـایی هاتنی سالّی دارایی.

**ماددەی سیازدەهەم :**

لـە کاتێکـدا ئەنجومـەن نـەتوانێت ئامانجـەکانی بـەدی بهێنێـت بـە هـۆی کـەمی داراییـەوە، پێویستە لەسەر ئەنجومەنی پاراستن و چاککردنی ژینگە کـە راسپاردەیەك بەرزبکاتـەوە بـۆ ئەنجومـەنی وەزیـران سـەبارەت بـە پێویـستی دابـین کردنـی دارایـی پێویـست بـۆ ئـەوەی ئەنجومەن بتوانێ بەئەرکەکانی خۆی هەلّسێ وئامانجەکانی خۆی بەدی بهێنێ.

**ماددەی چواردەهەم :**

لـە کـاتی هەلّوەشـانەوەی ئەنجومـەن لـە بـەر هـەر هۆیـەك، هـەموو داراییـەکانی گواسـتراوەو نەگواستراوە دەبێتە مولّکی وەزارەتی ژینگە.

**ماددەی پازدەهەم :**

ئـەم رێنماییـە لـە بـەرواری دەرچـوونیەوە کـاری پێـدەکرێت و لـە وەقـایعی کوردسـتان بـلاّو دەکرێتەوە.

**دارا محمد أمین**
**وەزیـــری ژینگە**
**ســەرۆکی ئەنجومەنی پاراســتن و چاککــردنی ژینگە**

ئەرشیفی رۆژنامەی وەقائعی کوردستان لە سایتی وەزارەتی داد


WWW.MOJKURDISTAN.COM

## ئەنجومەنی دادوەری هەرێمی کوردستان

**ژمارە : ١ لە ٢٠٠٩/٦/٨**

## بەیان ژمارە ( ١ )ی ســـاڵی ٢٠٠٩

ئامـــاژە بـــە نوســـراوی ســـەرۆکایەتی ئەنجومـــەنی وەزیـــران / ســـەرۆکایەتی دیـــوان / فەرمانگـــەی یاســـایی ژمـــارە ( ١٦٤٧) لـــە ٢٠٠٩/٢/٢٤ وە پـــشت بـــە حـــوکمی مـــاددە ( ٢١ ) لـــە یاسای دەسەڵاتی دادوەری ژمارە ٢٣ ی ساڵی ٢٠٠٧ بڕیارماندا بە

پێـــك هێنـــانی دادگـــای بـــەرایی لـــە ناحیـــەی پـــیرە مـــەگرون ســـەر بـــە قـــەزای دووکـــان – پارێزگای سلێمانی لە رۆژی ئەم بەیانە.

ســـــەرۆك
احمد عبدالله زبیر

ئەرشیفی ڕۆژنامەی وەقائعی کوردستان لە سایتی وەزارەتی داد
WWW.MOJKURDISTAN.COM